# نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی و کاریگەری لەسەر زمانی کوردی

**شێرکۆ حەمەئەمین قادر** [١]
[١] بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروردەی شارەزور، زانکۆی هەڵەبجە ، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: sherkohamaamin@gmail.com

## پوختە

ڕاگەیاندنی نیشتمانی بابەتێکی گرنگ و نوێیە، پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و بەستنەوەی بە زمانی کوردی و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی زمان و زمانی ستاندارد یان یەکگرتوو، بۆ یەکەم جارە بەم جۆرەی لەم توێژینەوەدا کاری لەسەر کراوە، دەخرێتەڕوو بەناونیشانی (نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی و کاریگەری لەسەر زمانی کوردی)

توێژینەوەکە، لە دوو بەش و پێشەکی و ئەنجام پێکهاتوە:

بەشی یەکەم: ئەم بەشە، هێڵە گشتییەکانی توێژینەوەکە و ئەو بابەتانەی، خزمەتی توێژینەوەکە و بەشی دوەم دەکەن، لە خۆدەگرێت.

بەشی دوەم: بەپێی ئاستەکانی زمان و زمانی ستاندارد یان یەکگرتوو، کاریگەرییە نەرێنییەکانی نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی بە نمونەی میدیا کوردییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان شیکراونەتەوە و لادانە ڕێزمانی و زمانییەکان خراونەتەڕوو.

لە کۆتایشدا، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکەی پێگەشتوە ، لەوانە نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی کاریگەری نەرێنی لەسەر زمان بەگشتی و ڕێنوس و ڕیزمان دەبێت و هەنگاوەکانی دروستبونی زمانی ستانداردی کوردی زیاتر دوادەخات، پاشان لیستی ئەو سەرچاوانەی سودیان لێوەرگیراوە، نوسراون.

**کلیلی وشەکان:** ڕاگەیاندنی نیشتمانی، لادانی زمانی، زمانی ستاندارد


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/٢٦ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/١٩ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | sherkohamaamin@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١پ. ی. د شێرکۆ حەمەئەمین قادر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**ملخص البحث**

الاعلام الوطني و ارتباطاته باللغة وتاثيراته في اللغة الرسمية موضوع جديد و مهم بالنسبة القليم كردستان.

يتم عرض الموضوع اعلاه لاول مرة في بحثنا هذا و الموصوف ( انعدام الاعلام الوطني و تاثيراته السلبية على اللغة الكردية )

في هذا البحث تم اعتماد المنهج الوصفي، يتكون البحث من فصلين و قائمة المصادر والمراجع.

الفصل الاول: يتكون من الجانب النظري للبحث و الاعلام الوطني و انواع الاعلام، ثم يتكلم عن العلاقة بين اللغة و الاعلام.

الفصل الثاني: في البداية عرضنا معلومات و تعريف اللغة و مستوياتها ثم وضحنا تاثير انعدام الاعلام الوطني على مستويات اللغة بنماذج المؤسسات الاعلامية. في النهاية عرضنا اهم النتائج التي توصل إليها البحث،كنموذج انعدام الاعلام الوطني له تاثير ملحوض و واضح على مستوى الكتابةو الصرف و النحوى وفي نفس الوقت تاثير سلبي في بناء اللغة الرسمية في اقليم كردستان،مع قائمة المصادر و المراجع.

**Abstract**

National media is a modern phenomenon in KRI and it has a linkage with Kurdish language and its impact on it, mainly, unification and standardization process. This article is the first one to research it and it is entitled (Lack of national media and its effects on the Kurdish language).

In this research, a descriptive approach was adopted. It consists of two chapters and a list of sources and references.

The first chapter: It consists of the theoretical aspect of research, national media and types of media, and then it talks about the relationship between language and media.

Chapter Two: In the beginning we presented information and definition of the language and its levels, and then we explained the effect of the lack of national media on language levels with the models of media institutions. The lack of the national media would have a negative impact on language in general, orthography and grammar. It also would affect standardization process negatively. In the end, we presented the most important findings of the research.

**Keywords:** National Media, Linguistic Deviation, Standard Language

## پێشەکی

پەیوەندیی زمان و ڕاگەیاندن لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بابەتێکی گرنگ و هاوچەرخە. بە تایبەتی، ڕاگەیاندن دەکرێت کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر زمان دروستبکات، لەم ڕوانگەیەوە و بە پەیڕەوکردنی ئەو هەنگاوانەی، کە لە کورتەی توێژینەوەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، بە شێوەیەکی زانستی هەوڵماندراوە بابەتەکە ڕونبکەینەوە و شیکردنەوە بۆ ئەم بابەتە بە پشتبەستن بە ڕاگەیاندنە کوردییەکانی ئەم سەردەمە بکەین. توێژینەوەکە لە بەشی یەکەمدا پشتی بە بنەماکانی زانستی کۆزمانەوانی بەستوە و لە شیکردنەوەی نمونە سینتاکسییەکان و پابەندنەبون بە یاساکانی ڕیزبونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی کردوەتە بنەما و کاری پێکردوە.

## بەشی یەکەم

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە، هێڵە گشتییەکانی کارەکە، دەخاتەڕو، بە جۆرێک، کە لەخزمەتی کارەکە و دانانی بناغەی تیۆریدا بێت، کە لە خوارەوە تیشکیان دەخەینەسەر.

### ١_١: جۆرەکانی ڕاگەیاندن

ژیانی کۆمەڵ و بەرەوپێشچون و خواستی مرۆڤ بۆ دەربڕین و بڵاوکردنەوەی بابەت و زانیاری و گوزارشت لە خود و کێشەکانی کۆمەڵگا، هەوێنی کاری دەزگا و جۆرەکانی ڕاگەیاندنن، لە چێوەی گشتیدا و لە کۆمەڵە پێشکەوتوو و خاوەن کلتوری دیموکراسییەکاندا، ڕاگەیاندن لە تەک دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری)، بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت.

بایەخ و گرنگیی ڕاگەیاندن ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەردەکەوێت، بۆیە بەردەوامیش لە خۆ نوێکردنەوە و فراوانبوونداپە و جۆری جیاوازی تێدا پەیدابوون، کە ئەمانەن:

(بیستراو، بینراو، نوسراو، ئەلکترۆنی)

ئەم جۆرانەی ڕاگەیاندن، لە ڕوی خاوەندارییەوە، کە لە تەک ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیەدا دەگونجێت، دابەشی ئەم جۆرانە دەبن:

### ١_١_١: ڕاگەیاندنی حیزبی

ئەم جۆرە پارتێک یان ڕێکخراوێکی سیاسیی خاوەندارییەکات و بە گشتی زمانحاڵی ئەو پارت و ڕێکخراوەیە و هەڵوێست و ڕای فەرمی لەسەر کۆی بوار و ڕوداوەکان دەگوازێتەوە و زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە، بە جۆرێک، لە ڕێی دەربڕین و دەستەواژەکانەوە ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسییە دەناسرێتەوە، کە خاوەنداری ڕاگەیاندنەکە دەکات.

هەرێمی کوردستان، لەم جۆرە ڕاگەیاندنەی زۆرە و ژمارەیان هێندەی ژمارەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و بگرە زیاتریش لە ژمارەی پارتەکانە و بە جیاوازیی ئایدۆلۆجیا و تێڕوانینی سیاسییانەوە، لە نمونەکانی:

تەلەفزیۆنی:

کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان

گەلی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پەیام، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان

ئازادی، پارتی کۆمۆنیستی کوردستان

..........

ڕۆژنامەی (نوسراو)

خەبات، پارتی دیموکراتی کوردستان

کوردستانی نوێ، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕێگای کوردستان، پارتی کۆمۆنیستی کوردستان

........

### ١_١_٢: ڕاگەیاندنی ئەهلی

ئەم جۆرەیان کۆمپانیایەک یان کەسایەتییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان ژمارەیەک کەس خاوەنداریدەکەن و لە ڕوی دارایی و کارکردنەوە سەربەخۆیە و بە گشتی لە کوردستان، بە ئاستی جیاواز و بەپێی قۆناغ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینن، لە نمونەکانی:

ئاوێنە، هاوڵاتی، سپی میدیا، ئێن ئار تی، دوارۆژ ......

### ١_١_٣: ڕاگەیاندنی بازرگانی

ئەم جۆرەیان لە کوردستاندا، لەم ساڵانەی دواییدا، بەهۆی زۆربونی کۆمپانیای میدیایی و تەلەفزیۆنەوە، پەیدابون و ژمارەیان زۆربوە، کە زیاتر کار لەسەر ریکلامی بازرگانی دەکەن.

بابەتی سیاسی، لە ئاستی نەبوندایە، لەکاروبەرنامەکانی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنەدا. زیاتر تەلەفزیۆنن، ئاسمانی یان لۆکاڵی، لە نمونەکانی:

کۆرەک، نێت تی ڤی، کوردماکس، فامیلی، کەناڵی وەرزشی .....

### ١_١_٤: ڕاگەیاندنی نیشتمانی یان حکومی یان خزمەتگوزاریی گشتی

مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکەی ئێمەیە، کە لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان بونی نییە، هەروەک ناونیشانی توێژینەوەکەشمان، کە نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی و کاریگەریی لەسەر زمانی کوردی چییە؟ دیارە، لە ماوەیەکی کورتی حکومەتی هەرێمدا هەبوە، بەڵام لەسەر ئاستی گشتی و وەک خزمەتگوزارییەک بۆ هەموان ئێستا نییە، تەنیا لە هەندێک ئاستی لۆکاڵی و فەرمانگەیەکدا هەیە، وەک بەرێوەبەرایەتیی هاتوچۆی سلێمانی، کە (ڕادیۆترافیک)ی هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی هاتوچۆ و کاروچالاکیی فەرمانگەکەیان. ئەمە بونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی ناگەیەنێت.

ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە، کە بە ڕاگەیاندنی (خزمەتگوزاریی گشتی)یش دادەنرێت، بۆ دو جۆری سەرەکی دابەشدەبێت:

یەکەم: وەک نمونەکانی وڵاتانی پێشکەوتوی ئەوروپا، کە خزمەتگوزاریی گشتی پێشکەش بە تاکەکانی کۆمەڵ دەکەن، بەتایبەتی دامەزارەوەی بی بی سی، لە وڵاتی بەریتانیا. (بڕوانە: Tunstall, ٢٠١٠, ١٤٥)

دوەم: نمونەی وڵاتانی جیهانی سێیەم و خۆرهەڵاتی ناوەراست، کە جیا لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی، چەند ئەرکێکی نیشتمانی بەجێ بگەیەنێت، وەک (ناساندن و بوژاندنەوەی کەلتور، کارکردن لەسەر بیر و هەستی نەتەوەیی، کارکردن لەسەر ئارامیی کۆمەڵایەتی، پێشخستنی هونەری سینەما و ئەدەبی کوردی و پاراستنی لە هەژمونی ئەدەب و هونەری دەرەوە، کە بەهۆی جیهانگیری و کرانەوەی سنورەکانەوە هەرەشەیان زۆربوە، ڕێکخستن و یەکخستنی زمانی کوردی ) (ڕەسوڵ و عەلی، ٢٠١٩، ٣٥)

لەبەرئەوەی میدیای نیشتمانی، دەوڵەت خاوەنییەتی و دەوڵەتیش پێویستە لەسەری پلان و سیاسەتی زمانی هەبێت، چونکە سیاسەتی زمانەوانی بە دەولەتەوە بەندە (بڕوانە: کاڵفی، ٢٠١٢، ٥٢). لەم ڕێگەیەوە، بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی میدیا و ڕاگەیاندن، دەتوانرێت خودی پلانە زمانییەکە لەسەر کۆمەڵی قسەپێکەرانی ژێر قەڵەمرەوی خۆیدا جێبەجێبکرێت. ئەمە بە یەکێك لە ڕێگا کاریگەرەکانی پاراستن و خزمەتکردنی زمان و زمانی ستاندارد دادەنرێت.

ئەرکی کۆتایی میدیای نیشتمانی تایبەت بەزمانی کوردی، وەک نمونە ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە پێکدێنێت.

## ١_٢: پێناسەی ڕاگەیاندنی نیشتمانی یان فەرمی

وەک، لە سەرەوە خستمانەڕو، یەکێک لە جۆرەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوی گەیاندنی پەیام و پاڵشتی داراییەوە، ڕاگەیاندنی نیشتمانی یان خزمەتگوزاریی گشتی یان فەرمییە، کە هەریەک لەم زاراوانە، بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵ و قۆناغی گەشە و کاری ڕاگەیاندنەکە و وەک هەر بابەتێکی تری زانستە مرۆییەکان پێناسە و زاراوەی جیاوازی بۆ بەکاردێت، بۆ نمونە، لە ئێستادا، لە وڵاتی بەریتانیا زیاتر زاراوەی ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتی بەکاردێت، چونکە قۆناغی پێشکەوتنی بڕیوە. بەریتانیا یەکەم وڵات بوە، لە ساڵی ١٩٢٢ ڕاگەیاندنی نیشتمانی تیدا دروستبوە، کە دامەزراوەی (بی بی سی )یە.

بەپێی قۆناغ و وەک وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان، هاوکات لە ڕوانگەی ئەو دو بۆچونەی لەسەرەوە لە ١_١_٤ خستمانەڕو، ئێمە زاراوەی ڕاگەیاندنی نیشتمانی پەسەنددەکەین، وەک لە ناونیشانی توێژینەوەکەشماندا هەر وامانکردوە.

ڕێکخراوی یونسکۆ UNESCO پێناسەی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنەی، بەم جۆرە کردوە:

بریتییە لەو پەخشەی، کە بۆ خەڵک دەکرێت و لەلایەن سیستمی گشتییەوە کۆنترۆڵدەکرێت و پشتیوانیی دارایی دەکرێت. ئەم جۆرە پەخشە نە بازرگانییە و نە بەتەواویش لەلایەن دەوڵەتەوە مولکداری دەکرێت. ئازادە و بەدورە لە دەستێوەردانی سیاسی و گوشاری هێزە بازرگانییەکان. لە ڕێگەی ئەم پەخشەوە هاوڵاتییان پەروەردەدەکرێن، فێردەکرێن، زانیارییان پێدەدرێت. سەربەخۆیی گوتار و بابەتەکانی و سەربەخۆیی دارایی و (ڕونی) شەفافییەتی، بۆ دەستەبەربکرێت، دەتوانێت ببێتە بەردی بناغەی دیموکراسی. (ڕەسوڵ و عەلی، ٢٠١٩، ٢٣-٢٤)

بەوردبونەوە، لە ناوەرۆکی پێناسەکە، دەتوانین، ئەم خاڵانە هەلبهێنجین:

١_ ڕاگەیاندنی نیشتمانی، خەڵک بە ئامانج دەگرێت و بۆئەوانە.

٢_ سیستمی گشتی یان دەوڵەت کۆنترۆڵی دەکات و پاڵپشتی دارایی دەکات، بەمەش دەبێت دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان برەخسێنێت.

٣_ ئامانج لێی پەروەردە و فێرکردن و بەخشینی زانیارییە.

سەرنجدان لەم خاڵانە و بە گەڕانەوەش بۆ خالی دوەم ١_١_٤ لەسەرەوە، کە ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی نیشتمانی دیاریکردوە، لەوانە یەکخستن و پێشخستنی زمان، بەم پێیە بون و نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی، کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی، لەسەر ڕەوشی زمان و بەرەوپیشچون و ئاڵنگارییەکانی بەردەمی دادەنێت، کە لە بەشەکانی دواتردا ڕونیان دەکەینەوە.

## ١_٣: زمان وڕاگەیاندن

پەیوەندیی نێوان زمان و ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی توندوتۆڵە. وەک ئاماژەمان بۆ کرد، دەتوانێت بە هەردوباری ئەرێنی و نەرێنیدا کاریگەری لەسەر زمان هەبێت، بەتایبەتی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە و پاش سەرهەڵدانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنەوەی زمان بۆ چەند جۆرێکی جیاواز، زمانی ڕاگەیاندن بایەخ و گرنگیی زیاتری پەیداکردوە و توێژینەوەی جۆراوجۆری، لە بارەوەکراوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ١_٤: جۆرەكانی زمان

دابەشكردنی جۆراوجۆر بۆ زمان هەیە، ئێمە بەپێی ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوەكەمان دابەشكردنێكیان دەخەینەڕو، بەم جۆرە:

### یەكەم: زمانی ئاخاوتن

ئەو زمانەیە، مرۆڤ لە ئاستی تاك و كۆمەڵدا بەكاریدێنێت و خاوەنی كومەلێک تایبەتییە، كە لە جۆرەكانی تری زمان جیایدەكاتەوە. بە گشتی پابەندی یاساكانی ڕێزمان نابێت، بەو مانایە نا، كە ڕێگە بە هەڵەی ڕێزمانی دەدرێت، بە پێچەوانەوە لە هیچ بارێكدا هەڵەی ڕێزمانی ناتوانێت كردەی تێگەیشتن بەرهەمبێنێت، بەڵام بۆ نمونە یاسای سەرەكیی ڕیزبوونی كەرەستە و دروستكردنی ڕستە لە زمانی كوردیدا، بەم جۆرەیە:

بكەر + بەركار + كردار

دیاكۆ نامە دەنوسێت.

١_ لە زمانی قسەكردندا دەتوانرێت كورتبكریتەوە و كرتاندن و فڕێدانی كەرەستەی تێدابكریت، وەک:

(نوسی) لێرەدا بكەر و بەركار بەشێوەی كەرەستەی سەربەخۆ لابراون و لە بری ئەوە، بە جێناوی لكاو گەیەنراون، بەم كردەیەش دەوترێت مۆرفۆسینتاكس.

زۆرجار و بە گشتی بەشێكی جێناوە لكاوەكان یان ناوی تایبەتی و ناوی شوێن دەكرتێنرێت، وەک:

تۆ هاتیت؟ هاتی؟

قادر قایەر

٢_ زمانی قسەكردن پەیڕەوی خاڵبەندی و دروستنوسی تێدا دەرناكەوێت، لەبری ئەوە هێز و ئاوازە زاڵدەبێت و وەک فۆنیمیش واتا دەگۆڕن، كە كاریگەرتر و بەهێزتریشن.

٣_ پێچەوانەی زمانی نوسین، زمانی ئاخاوتن، زمانی جەستە وەک جوڵەی دەست و برۆ و ڕوخساری مرۆڤ بەكاردێن و ڕۆڵیان لە گەیاندنی واتا و ڕونكردنەوەی مەبەستدا هاوكاری كردەی ئاخاوتن دەبن.

٤_ لە ڕوی مێژوییەوە، وەک چۆن قسەكردن پێش نوسین پەیدابوە، زمانی قسەكردنیش پێش زمانی نوسین سەریهەڵداوە.

### دووەم: زمانی نوسین

زمانی نوسین هەمان زمانی قسەكردنە، كە ئاخێوەرانی زمانیک بەكاریدێنن، بەڵام خۆبەستنەوە و وابەستەیی بە ڕێزمانی زمانەكەوە تێدایە، بە تایبەتی زمانی كوردی زمانی قسەكردن و نوسین جوت و وەک یەكن، لە هەندێ كرتاندن و بابەتی تردا نەبێت، كە لە خاڵی یەكەم خستمانەڕو، بەم پێیە دەتوانین تایبەتییەكانی زمانی نوسین بەم جۆرە دیاریبكەین:

١_ بە تەواوی یاساكانی ڕیزمان و ڕیزبونی كەرەستەی تێدا پەیڕەودەكرێت.

وەک: دەریا بەیانی بۆ زانكۆ دەچێت.

لەزمانی كوردیدا بەپێی یاساكانی ڕیزبونی كەرەستە، لە كاتی بونی زیاتر لە ئاوەڵكردارێكدا، ئاوەڵكرداری كات پێش ئاوەڵكرداری شوێن دەكەوێت، وەک لە نمونەكەدا پەیڕەوكراوە. لەم بارەوە بڕوانە: (حسێن، ٢٠٠١، ٦٨-٦٩)

٢_ خاڵبەندی و دروستنوسی و یاساكانی ڕێنوسی زمانەكەی تیدا پەیڕەودەكرێت، بۆ نمونە پێویستە وشەی لێكدراو تا ئەو جێیەی بوار هەیە، بەسەریەكەوە بنوسرێت، وەک:

هەوڵێ زۆریدا، بۆ ئەوەی سەركەوتوبێ.

لەم نمونەیەدا، یاساكانی ڕێنوس و خاڵبەندی هەردوكیان جێبەجێكراون، بەپێی خاڵبەندیی زمانی كوردی، پێویستە لە نوسیندا پێش هەمو


ئامرازێکی پەیوەندی، کە دو ڕستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە وێرگول/فاریزە هەبێت، وەک لە پێش (بۆ) دانراوە. (بڕوانە: ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٠، ٤٤)

٣_ پێچەوانەی زمانی قسەکردن، زمانی جەستە لە زمانی نوسیندا بەکارنایەت، واتە جوڵەکانی دەم و دەست و چاو و ڕوخسار نابینرێت، چونکە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکرێت.

٤_ بەڵام، لە کاتی خوێندنەوەدا هێز و ئاوازە و وەستان بەکاردێت و ڕۆڵیش لە واتا گۆڕیندا دەبینێت.

نوسین بریتییە لەو هەوڵەی مرۆڤ بۆ پاراستنی قسە و ئەرشیفی تۆماری خۆی داویەتی، لەگەڵ قسەکردندا دو شێوەی یەک زمانن. (فتاح، ٢٠٠٨، لاپەڕە ٢٢١)

ئەم ڕاستییە، ڕێگرنابێت لەوەی، کە زمانی نوسین بەپێی کۆمەڵ و بابەت و لایەنی کارگێری دەتوانرێت جارێکی تر دابەشبکرێتەوە، کە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتێتی خۆیەتی، وەک:




خشتەی ژمارە (١): دابەشکردن و جۆرەکانی زمانی نوسین.

## ١_٥: زمانی ڕاگەیاندن:

توێژەران لە پێناسەی زمانی ڕاگەیاندن و تایبەتییەکانیدا، جیاوازییان هەیە. (Media linguistics) هاوکات زاراوەی جۆراوجۆریان بۆ بەکارهێناوە، وەک زمانی سێیەم، کە مەبەست لێی نێوان (زمانی قسەکردن و زمانی نوسین)ە، یان زمانی نوسینی سەردەم، کە وەڵامدەرەوەی پێشکەوتن و پێداویستیی سەردەمە.

هەندێکیش بۆچونیان وایە، زمانی دواندنی ڕۆژانەیە لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، یان جۆرێکە لە پەخشان لە نێوان پەخشانی زانستی و پەخشانی ئەدەبیدا، کە شێوازی زمانەکەی دیاریدەکات.

ڕاگەیاندنکاران زۆرباش درک بەو ڕاستییە دەکەن، کە دەبێت ڕاگەیاندن زمانی تایبەت بە خۆی هەبێت، چونکە زمانی ڕاگەیاندن لە هەمو جۆرەکانی دیکەی زمان زیاتر تێکەڵی ژیانی گشتی دەبێت. (جراد، ٢٠١٣، ٢٧)

گرنگترین تایبەتی، کە پێیدەناسرێتەوە، سادەیی و ئاسانییە، چونکە زمانی ڕاگەیاندن بۆ هەمو خەڵکە و پێویستە هەمو خەڵک پەیامەکە وەربگرێت، چونکە ئامانجی هەمو دەزگایەکی ڕاگەیاندن هەڵگر و گەیەنەری پەیامە.

## ١_٦: تایبەتییەکانی زمانی ڕاگەیاندن

زمانی ڕاگەیاندن، وەک هەر بابەتێکی تر خاوەنی ژمارەیەک تایبەتێتی خۆیەتی، کە لە جۆر و شێوازەکانی تری زمان جیایدەکاتەوە، بەم جۆرە:

ا_ سادەیی و ئاشکرایی، کە هەموکەس تێبگات، ئەمە دیارترین تایبەتیی زمانی ڕاگەیاندنە، چونکە ڕاگەیاندن بۆ هەمو خەڵکە و دەچێتە هەمو ماڵێکەوە و هەمو ئاست و تەمەنێکی جیاواز دەیبینێت و دەیبیستێت، ئەمەش پێویست بەوە دەکات ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە لایەنی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کەمی لێڵی و ناڕونی لە پەیامەکەدا نەبێت، چونکە وەرگرتنەکە ناڕاستەوخۆیە و نێرەر و وەرگر لەبەرانبەر یەکدیدا نین.

ب_ سەردەمیانە بێت و بۆ کاتی خۆی گونجاوبێت و لەگەڵ گیانی سەردەم بێتەوە.

پ_ بە جۆرێک بێت، هێزی کێشکردنی زۆرترین وەرگری تێدابێت، لەبەرئەوەی ئامانجی هەمو دەزگایەکی ڕاگەیاندن گەیاندنی پەیامەکەیەتی، بە زۆرترین وەرگر، کە زمان بەشێکی ئەم کارەیە.

ت_ کورتبڕی و دورکەوتنەوە لە درێژدادڕی و کەرەستەی زیادە.

س_ نەرمونیانی و دورکەوتنەوە لە توندوتیژی و توانای دەربڕینی بابەتە جیاوازەکانی هەبێت و لە هەمان کاتدا زۆرترین وەرگر کەڵکی لێوەرگرن و کێشەکانیان چارەسەربێت.

ج_ شیاوی پیشکەوتن بێت و توانای گۆڕانکاری و نوێبونەوەی لەگەڵ سەردەمدا تێدابێت، بۆئەوەی لەگەڵ سەردەم بڕوات و وەرگر لەدەستنەدات.

چ_ توانای گونجاندنی لەگەڵ بابەتە جۆراوجۆرەکان و جۆری دەزگای ڕاگەیاندنەکە تێدابێت، بۆ نمونە زمانی ڕادیۆ پێویستە کار لەسەر هەستی بیستن بکات، بە پێچەوانەوە تەلەفزیۆن کار لەسەر هەستی بینین دەکات.

ح_ بتوانێت کۆی بوارەکان بگریتەوە، بە جۆرێک فەرهەنگی وشەی دەوڵەمەند بێت، کە ڕۆژانە لەگەڵ جیهان و ڕۆشنبیری و کلتورە جیاوازەکان مامەڵەدەکات، گرفتی بۆ دروستنەبێت (Luginbühl, ٢٠١٥, pp. ٩-٢٠)

## ١_٧: زمان و ڕاگەیاندنی نیشتمانی

یەکێک لە ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی نیشتمانی، بریتییە لە یەکخستن و ڕێکخستنی زمان، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ و زیاتر دەبینێت. ئێستا قسەکردن بە هەمو جۆرە دیالێکت و زارەکانی کوردی لە ماڵەکاندا دەبیسترێت، لە ڕێگەی ئامێری سەتەلایت. ئەم گۆڕانکارییانە کاردەکەنە سەر زمانی بەکارهێنراوی کۆمەڵی کورد، لە هەردو بواری فەرمی و نافەرمی. ئێستا ئاستی تێگەیشتنی هاوبەش لە رابوردو چاکترە و زیاترە. (خورشید، ٢٠١١، ١٩٠)

بەم پێیە، لە ئێستادا بەهۆی پیشکەوتنی تەکنەلۆجیا و بەردەستی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن، ئەگەر بەشێوەیەکی باش و لە ژێرچاودێریدا بەکارنەیەت، ئەوا کاریگەریی خراپ لەسەر زمان دادەنێت، بەتایبەتی لە نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانیدا، وەک ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە.

ئەم توێژینەوەیە، لە بەشی دوەمدا کاریگەریی خراپی نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی لەسەر زمانی کوردی لە کۆی ئاستەکانی زماندا دەخاتەڕو.

## بەشی دوەم

نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی و کاریگەری لەسەر زمانی کوردی

## ٢_١: سەرەتا

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە، تەرخانبو بۆ لایەنی تیۆری و هێڵە گشتییەکانی پەیوەست بە بنەمای کارەکە، لەم بەشەدا، کاریگەریی نەبونی میدیای نیشتمانی لەسەر ئاستەکانی زمانی کوردی و زمانی ستاندارد یان فەرمی، بە نمونەی کەناڵە میدیاییەکانەوە دەخەینەڕو.

## ٢_٢: کاریگەری نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی، لەسەر ئاستەکانی زمانی کوردی

زمان وەک بونێکی یەکگرتو، بەپێی بیری ڕۆنانکارەکان دەتوانرێت بۆ چەند ئاستێک دابەشبکرێت، کە هەر ئاستە یاسا و پەیڕەوی تایبەتیی خۆی هەیە، بەم جۆرە:




خشتەی (٢): ئاستەکانی زمان.

نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی و دەزگای چاودێری لەسەر بەکارهێنانی زمان، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پلانی زمانی و سیاسەتی زمانی، کاریگەریی خراپی بۆ سەر زمانی کوردی دەبێت، وەک ئەوەی ئێستا هەیە.

### ٢_١: ئاستی ڕێنوس:

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، نوسین هەوڵی مرۆڤە بۆ پاراستنی قسە و ئەرشیفکردنی سامانی خۆی، کە بە قۆناغێکی پێشکەوتوی مرۆڤ و سەرەتای شارستانیەت دادەنرێت، کە قۆناغی جیاوازی بینیوە، داهێنان و پەیدابونی نوسین بە دو قۆناغدا ڕۆشتوە:

یەکەم: قۆناغی واتایی: لەم قۆناغەدا، واتا بەهۆی وێنەوە گەیەنراوە، واتاکە ڕاستەوخۆ بەهۆی وێنەیەکەوە گەیەنراوە، کە بە دوقۆناغدا تێپەڕیوە:

ا: نوسینی وێنەیی

کۆنترین جۆری نوسینە و مەرجیش نییە لە بنەڕەتدا، بۆ گەیاندنی واتا بوبێت، دەگونجیت بۆ دەربڕینی هونەری و هەستی ئاینی بوبێت. ئەم جۆرە نوسینە ڕوداوێکی ئاڵۆز بەهۆی وێنەیەکەوە دەنوێنرێت. بڕوانە: (مارف، ١٩٨٦، ١٣)

ب: نوسینی بیری

لەم قۆناغەدا، وێنەکە، لە بری ئەوەی شتێکی ئاڵۆز لێکبداتەوە، بەڵکو تەنیا تاقە بیرێک دەردەبڕێت، کە بۆ یەک شت دەگەڕێتەوە.

پ: نوسینی وشەیی یان مۆرفێمی

لەم جۆرە نوسینەدا نیشانە، بۆ هەمو مۆرفیمەکان یان وشەکان دادەنرێت. خاڵێکی گرنگی ئەم جۆرە نوسینە، لەوەدایە، جیاوازیی نێوان دیالێکتەکان گرنگی پێنادرێت، قسەکەر سەر بە هەر دیالێکتێک بێت، دەتوانێت لە نوسینەکە بگات.

نوسینی وشەیش دیسانەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەزمانەوە نییە، لەبەرئەوە دەتوانین، بۆ نمونە سیستەمی نوسین و دەنگی زمانی چینی لە یەکتری جیابکەینەوە هەر فێری یەکێکیان ببین.

دوەم: نوسینی دەنگی یان فۆنەتیکی

قۆناغی پێشکەوتوی نوسینە، بەوەی نیشانەکان ڕاستەوخۆ واتا دەرنابڕن، بەڵکو دەگۆڕدرێنەوە بۆ دەنگ و دەنگەکان واتایان دەدرێێ، ئەمەش دو شێوەی سەرەکی هەیە:

ا: نوسینی بڕگەیی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەم جۆرە نوسینەدا، ڕەمز یان هێما بۆ هەمو برگەیەک دادەنرێت، گرفتی سەرەکیی ئەم جۆرە نوسینە زۆریی ژمارەی برگەکانە، کە دەبێتەهۆی زۆریی ژمارەی وێنەکان و بارگرانی بۆ فێربون. بەڵام ئەم جۆرە نوسینە بۆ ئەو زمانانەی برگەیان کەمە دەستدەدات، وەک زمانی یابانی.

ب: نوسینی فۆنێمی یان ئەلف_ بێ

ئەم جۆرە نوسینە، لە ئێستادا و لە جیهاندا بڵاوترین جۆری نوسینە، کە هەمو فۆنیمەکانی زمان نیشانە یان هێمایان بۆ دادەنرێت. خالێکی زۆر باشی جیاکەرەوەی بەراورد بە نوسینی برگەیی یان جۆرەکانی تری نوسین ئەوەیە، کە ژمارەی هێماکانی زۆر کەمترە، لەبەرئەوە بۆ فێربون ئاسانترە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (فتاح، ٢٠١١، ٢٢١-٢٢٦)

ئەم جۆرە نوسینەش، لە هەمو زمانێکدا وەک یەک نییە و بەپێی زمانەکان ژمارەی هێماکان و نوسین و گۆکردنی فۆنیمەکان دەگۆڕێت، واتە مەرج نییە لە هەمو زمانێکدا هێما و شێوەی نوسینەکە جوت بن، وەک زمانی ئینگلیزی، کە تاڕادەیەک نەگونجاون.

بەڵام زمانی کوردی تاڕادەیەکی زۆر گونجان لە نێوان هێما و نوسینەکەیدا هەیە و جوتن، واتا زمانی کوردی لەسەر بنەمای فۆنێمییە.

نوسینیس، وەک هەمو ئاستەکانی تری زمان خاوەنی چەند دانەیەکی خۆیەتی، کە بچوکترین دانەی نوسینن و ئەرکیان هەیە، کە (گرافیم_ پیت)ن، کە بەپێی شوێن لەوانەیە شێوەکەی بگۆڕێت.

## ٢_٣:کاریگەری لەسەر ڕێنوس

دەکرێت بەچەند بەشێکەوە، بەمجۆرە:

٢_٣_١: گرفتی نوسینی فۆنێم (پیت)

لەبەشی پێشوودا نوسین و جۆرەکانیمان خستەڕو، کەنوسینی ئەلف_بێی ئێستا بەردەستە وهەمو زمانێک بەپێی تایبەتمەندیی خۆی ژمارەیەک پیتی هەیە، زمانی کوردی ٣٦ پیتی هەیە وژمارەیە یاساوپەیرەوی نوسینی خۆی هەیە، کەپێویستە پەیرەوبکرێن، تاکردەی دروستنوسی (ئۆرسۆگرافی) روبدات و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێوەی پابەندبن.

زمانی کوردی پەیرەوی نوسینی فۆنێمی دەکات، تاڕادەیەکی زۆر قسەکردن ونوسین، لەزمانی کوردیدا جوتن وکێشەی تێدانییە، بۆیە گرنگە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هۆکاری بەرەوپێشبردنی ڕێنوسی کوردی بن، نەک وەک ئەوەی ئێستاپێچەوانەکەی ئەنجامبدەن.

با، لەم نمونانە وردبینەوە:

قەدەخەی هاتوچۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان درێژکرایەوە.

تەلەفزیۆنی ڕوداو

ئەگەری سەیری، ئەورستەیەی سەرەوەبکەین، کەرستەیەکی هەواڵییە، ئەم سەرنجانەی لەسەر تۆماردەکرێت، کە دەبو، پەیرەوبکرانایە، بەڵام نەکراون و لادانن لە یاساکانی ڕێنوسی زمانی کوردی بەم جۆرە:

١_ لەبری وشەی (قەدەغە) وشەی (قەدەخە) بەکارهاتوە، کە لە زمانی کوردیدا بەکارنایەت، زمانی نوسینی کوردی (قەدەغە) بەکاردێنێت و فۆنێمی (غ) لە وشەکەدایە، نەک (خ) دەق و ئاخاوتنی کوردی پڕن، لەم جۆرە وشانە، کە پەیوەندییان بە دروستەی قوڵی زمانی کوردییەوە هەیە و بە (غ) دەردەبڕدرێت.

٢_ لە زمانی کوردیدا، فۆنێمی (ڕ) تەنیا لە سەرەتای وشەوە حەوتی لەژێردا دانانرێت، چونکە هەمو (ر)یەکی سەرەتا، بە (ڕ)ی قەڵەو گۆدەکرێت، بەڵام بۆ ناوەڕاستی وشە، پێویستە (ڕ) بنوسرێت، چونکە (ر و ڕ) دو فۆنێمی جیاوازن و بە گواستنەوەیان لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر واتا دەگۆڕن.

وەک: کەر

کەڕ

٣_ لە زمانی کوردیدا، ڕستە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە سێ جۆرە، دانانی نیشانە لە کۆتاییدا، بەشێکە لە ناسینەوە و دیاریکردنی جۆری ڕستەکە، لەو نمونەیەدا، کە ڕستەکە هەواڵییە، پێویستبو لە کۆتاییدا خاڵ دابنرایە.

واتە ڕستەکە، بەم جۆرە، بەدروستی دەنوسرێت:

قەدەغەی هاتووچۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان درێژکرایەوە.

بۆ دەرخستنی چۆنیەتیی کارکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لە ڕوی مامەڵەیان لە تەک زمان، ئەو ڕێنوسە لە دەزگایەکی تر، وەک کوردسات و NRT بە (قەدەغە) دەنوسرێت، لە بری (خ)، (غ) بەکاردێت، ئەمەش دەربڕی ئەوەیە، کە نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی و هاوکات دەزگایەکی نیشتمانیش، بۆ چاودێریی دۆخی زمان، چەند بە زیانی زمانەکە کۆتایی دێت و کاریگەریی خراپ لەسەر زمانی کوردی دادەنێت.

نمونەی نوسینی NRT:

پارێزگاری سلێمانی: دەنگۆی ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ لە پارێزگاکانی هەرێم .....

تەلەفزیۆنی NRT، لە ٢٠٢٠/٦/١٠

نمونەی نوسینی کوردسات:

بەردەوامیی قەدەغەی هاتووچۆ نیگەرانیی هاووڵاتیانی کەرکوکی لێکەوتەوە

تەلەفزیۆنی کوردسات نیوز، لە٢٠٢٠/٦/١١

با، لەم نمونەیەش وردبینەوە:

نۆی حوزەیرانی ١٩٦٣، ڕۆژی ڕەشبگیرییەکەی سلێمانی

کوردستانی نوێ، ژمارە:٨١٢٨، لە٩ /٦/٢٠٢٠

سەرنج لە هەردو وشەی (ڕۆژ)، (ڕەشبگیری) هەردوکیان بەشێوەی فۆنیمی (ر) نوسراون، لە کاتێکدا دەبو وشەی (ڕەشبگیری) لە بری (ر)، (ڕ) بنوسرایە (ڕەشبگیری) چونکە ئەو دوانە فۆنیمن و واتا دەگۆڕن، پێویستە پەیڕەوی ڕێنوسی زمانەکە بکرێت، کە دو پیتی جیاوازن.

هەر پەیوەست، بەو نوسینە و وەک تێکەڵکردنێکی نوسین ساڵەکە بە ڕێنوسی ئینگلیزی نوسراوە، کە دەبو بەڕێنوسی کوردی بێت، بەم جۆرە (١٩٦٣).

نمونەیەکی تر:

.....، ئازیزان بە جوانی شێواز و هەڵبژاردنی جوانی

و وشەکان دەنوسی بەواتایەکی تر پەنایان بۆ دەستەواژە ئەدەبییە

لاتینی گریکییەکان دەبرد،

.............، واتا

ووشک بو تەنها فێرکردن بوو. کوردستانی نوێ، هەمان ژمارە

وردبونەوە لەو نمونەیە ئەوە دەسەلمێنێت، کە خۆبەستنەوە بە ڕێنوسی کوردی نییە، چونکە لە زمانی کوردیدا، هیچ کات پیتی بزوێن لە سەرەتای وشەوە نایەت، بەڵام هەردو وشەی (ووشە) (ووشک) لەبری بەشێوەی یەک واو، بەدوو /وو/ نوسراون، کە دوو واو بزوێنە و لەزمانی کوردیدا لە سەرەتای وشەوە نایەت. واتە دەبو بەم جۆرە بنوسرانایە:

(وشە) (وشک)

دیسان لە نوسینەکەدا و لە کۆتایی (لاتینی) مۆرفیمی بەستنەوەی (- ە -) نەنوسراوە، کە دەبو هەبێت بەم جۆرە، کە گرێ ناوییەکە دروست دەبێت:

لاتینیيه گریکییه‌کان

هەر لە چێوەی پەیڕەونەکردنی یاساکانی ڕێنوس و خاڵبەندیی زمانی کوردی لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، با سەرنجی ئەم نمونەیە بدەین:

سەرۆکایەتی پەرلەمان راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە

پەرلەمان کارەکانی بۆماوەی دووهەفتە رادەگرێت

کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤

لە ٢٠٢/٦/١٠

لەم نمونەیەشدا (سەرۆکایەتی) پێویستی بە دو (ی) هەیە، (سەرۆکایەتیی پەرلەمان ....)

لەبارەی یاسای ڕێنوسی دیسان ئەمیش جیاوازی لە نێوان فۆنێمی (ر) و (ڕ) نەکردوە و هەردوکیان وەک یەک نوسیوە، لە کاتێکدا دو فۆنێمی جیاوازن و دەبو لە بری (راگەیەنراو) (رادەگرێت) بەم جۆرە، بنوسرانایە (ڕاگەیەنراو) (ڕادەگرێت).

لەڕوی یاساکانی خاڵبەندی و پەیڕەونەکردنیان پێویستە لە دوای وشەی (پەرلەمان) کۆما دابنرێت، چونکە کەرەستەکانی دواوەی دەبنە هەواڵ بۆی، جگە لەوەش، لە دوای ئامرازی پەیوەندیی (بۆ) دەبێت کۆما دابنرێت، بەم شێوەیە:

پەرلەمان، کارەکانی بۆماوەی دوو هەفتە ڕادەگرێت.

پەیوەست بە ڕێنوس و ئەو جیاوازییەی لە نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندندا هەیە، با لەم نمونەی تر وردبینەوە:

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیشوازی لە شاندێکی هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات

ڕۆژنامەی خەبات: ژمارە:٥٩٥٠، ٢٠٢٠/٦/١٠

نوسینی وشەی (حکوومەت) بە دوو واو پێچەوانەی یاساکانی ڕێنوسی کوردی و نوسراوە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە، بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەمان، با لەم نوسراوەی حکومەتی هەرێم وردبینەوە، کە ئارمی فەرمی حکومەتی هەرێمە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەم گرێ ناوییە، نوسینی فەرمیی نوسراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە سەرجەم دامودەزگاکانی پەیڕەویدەکەن و ڕۆژانە بەکاریدێنن، بەڵام ڕۆژنامەی خەبات پێچەوانەی  نوسراوی فەرمیی حکومەت، کە زمانی ستاندارد دەنوسێت، بەمەش دو ڕێنوسی پەیڕەودەکات، کە بە زیانی زمانی کوردی کۆتاییدێت.

## ٢_٣_٢: گرفتی نوسینی وشەی نادە:

## یەکەم: وشەی داڕێژراو:

نوسینی وشەی داڕیژراو یەکێکی ترە لە گرفتەکانی ڕێنوسی دەزگا میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان، با سەرنجی ئەم نمونانە بدەین:

..........

لەگەڵ یەکتریدا بەراورد پێدەکەین دەردەکەوێت کە جیاوازی زۆرە

.......................................

....... لەڕێگەی میدیاوە هاووڵاتیان بێدەنگ دەکات

..............پێ بدرێت .......    خەبات: ژمارە: ٥٩٥٠، ٢٠٢٠/٦/١٠

لەم نوسینەی سەرەوەدا، کە بەشێکە لە نوسێنێکی درێژی هەواڵێکی ڕۆژنامەی خەبات، سەرنجبدەن دو وشەی داڕێژراوی (پێ دەکەین، پێ بدرێت)، کە بەم جۆرە نوسراون، پێویستبو بەسەریەکەوە بنوسرێن، چونکە دوای پێشگرەکە هەردو پیتی (د، ب) هاتون، کە دەتوانرێت

پێشگرەکەیان پێوە بلکێنرێت، بەم جۆرە:

پێدەکەین، پێبدرێت

ئەوەی جێگای سەرنجیشە، هەر لەو نوسینەدا وشەی لێکدراوی (بێدەنگ دەکات) کە بە یاسای:

وشەی دارێژراو + کرداری (دەکات) دروستبوە، لە وشەدا کەرتی یەکەمی وشە لێکدراوەکە، وشەی دارێژراوە، بە یاسای: پێشگر+ وشەی سادە بێ + دەنگ

کەچی هەواڵنوس بەسەریەکەوە نوسیویەتی (بێدەنگ)، بەڵام لە هەمان نوسیندا، کردارە دارێژراوەکانی (پێ دەکەین، پێ بدرێت)ی بە جیا نوسیوە، کە بە هەمان یاسا دروستبون، ئەمەش پەیوەندی بە نەبونی میدیای نیشتمانی و دەزگای چاودێریی نیشتمانییەوە هەیە.

هەر لە چێوەی گرفتی رینوسی وشەی دارێژراودا، بروانە ئەم نمونەیەش:

ئێمە نامانەوێ، تێ بکەون .......... تێدەگەن

تەلەفزیۆنی کوردسات: ٢٠٢٠/٦/١١

بە وردبونەوە لەو نوسینەی سەرەوەی کەناڵی کوردسات، ڕادەی پەیوەستبون بە یاساکانی رینوسی کوردی و کاریگەرییەکانی دەردەکەوێت، لە یەک پارچە نوسین و دو ڕستەی دوای یەکدا، دو کرداری دارێژراوی (تێ بکەون، تێدەگەن)، کە هەردوکیان بە یاسای (پێشگر+بناغە) دروستبون، چۆن دەبێت بە دو ڕێنوسی جیاواز بنوسرێن؟

وردبونەوە لەو نوسیەنەی کەناڵی کوردسات، کە دو ڕستەی چێوەی یەک نوسینە، ئاستی پابەندنەبون بە یاساکانی ڕێنوسی زمانی کوردی دەردەخات، کە بە تێپەربونی کات، کاریگەریی خراپی بۆ سەر زمانی کوردی دەبێت، دەبو هەردو کردارەکە بە یەک ڕێنوس بنوسرانایە، کە نوسینی دوەمیان (تێدەگەن) پەسەندترە، بەم جۆرە:

ئیمە، نامانەوێ، تێبکەون............. تێدەگەن

## دوەم: وشەی لێکدراو

وشەی لێکدراو، لە لێکدانی دو بناغە، یان زیاتر، بەهۆی بەستەر، یان بێ مۆرفێمی بەستەر دروستدەبێت، وەک:

بەردەباز

بەهۆی مۆرفێمی بەستەری (- ە -)

دڵخۆش

بە بێ مۆرفێمی بەستەر

یەکێکی تر لە گرفتەکانی میدیای کوردی، لە تەک ئەوانەی پێشودا چۆنیەتیی نوسینی وشەی لیکدراوە، کە بە شیوازی جیاواز دەنوسرێت، با لەم نمونانە وردبینەوە:

گەنجێک چوارهەزار دەمامک و دەستکیش بەسەر دووکانداران دابەش دەکات

تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤

دوای وردبونەوە، لەو نمونەیە، ئەم سەرنجانە دەخەینەرو:

١ ــ دو وشەی لێکدراو لەو ڕستەیدا هاتون (دەستکێش، دابەش دەکات)، یەکەمیان ناوی لیکدراو، دوەمیان کرداری لێکدراوە، هەردوکیان هەمان یاسای دروستبونیان هەیە:

بناغە + بناغە

دەست + کێش

دابەش + دەكات

تەنیا جیاوازییان (دەستكێش) ناوە، بەڵام (دابەش دەكات) كرداری لێكدراوە، بەڵام بە دو ڕێنوسی جیاواز نوسراون، یەكەمیان بەسەریەكەوە (دەستكێش) دوەمیان بناغەكان، بە جیا نوسراون (دابەش دەكات)، لە كاتێكدا، كۆتایی هەردو بناغەی یەكەمی وشەكان پیتی نەبزوێن (ت، ش)، كە هەردوكیان، لەو پیتانەن، كە دەتوانرێت، بە وشەكەی دوای خۆیەوە بلكێت، واتە پێویستبو، هەردو وشەكە، بەسەریەكەوە بنوسرێن (دەستكێش، دابەشدەكات).

هەندێك وشە لە زمانی كوردیدا لە بنەڕەتدا فرێزن، و لە دو بەش پێكدێن، بەڵام پاش لێكدانیان دەبن بە یەك وشە/لێكسیمی سەربەخۆ، بەشەكانی ئەم لێكسیمانە جێگۆڕكێ ناكەن و لە یەكدی دورناكەونەوە و فراوان ناكرێن و بەهەردو بەشەكە یەك هێز وەردەگرن، كە دەكەوێتە سەر دوا برگەی دروستەكە. (بڕوانە: سەعید، ٢٠١٥، ٩٤)

٢_ كەرتی دوەمی ئامرازی پەیوەندی (بە_دا) لە دوای گرێ ناوی (بەسەر دووكاندااران) نەنوسراوە، كە پێویستبو بنوسرێت، بەم جۆرە (بەسەر دووكاندارانىدا).

نۆ توشبووی كۆرۆنا لە دهۆك چاكبوونەوە

تەلەفزیۆنی كوردستان ٢٤، لە ٢٠٢٠/٦/١٦

سەرنجی ئەم نمونەیە بدەن، كە لە هەمان كەناڵی تەلەفزیۆنی وەرگیراوە، كوردستان ٢٤، لە نمونەی پێشوودا، كرداری لێكدراوی (دابەش دەكات) بە جیا نوسراوە و هەردو بناغەكە بەیەكەوە نەلكێنراون، بەڵام لەم نمونەیەدا كرداری لێكدراوی (چاكبونەوە)، كە بەهەمان یاسای: بناغە + بناغە دروستبوە، كەچی بەسەریەكەوە نوسراوە و هەردوو بناغەكە لە یەكدراون (چاكبوونەوە)، لەوانەیە لە هەواڵسازەكە بپرسیت، بۆ بەو جۆرە ئەو دوو كردارە لێكدراوەت نوسیوە، وەڵامێكی زانستیت ناداتەوە، ئێمە لەو بڕوایەداین بەبێ سەلیقەیی و بێ زانیاریی ئەم كارە دەكرێت، كە بە زیانی زمانی ستانداردی كوردی كۆتاییدێت.

سەرۆكی پەرلەمان كارێكی خراپی كردوە

تەلەفزیۆنی كوردستان ٢٤، لە٢٠٢٠/٦/١٦

بەراوردكردنی ئەم نمونەیەش، بە نمونەی پیشوو، دیسان بە ڕونی گرفتی ڕێنوس و بێ پلانی و نەبونی چاودێری، لەسەر دەزگاكانی ڕاگەیاندن دەسەلمێنێت، لەم نمونەیەشدا كرداری لێكدراوی (خراپی كردوە)، بە هەمان یاسای (چاكبوونەتەوە) دروستبوە و هەردوكیان كەرتی یەكەمیان ئاوەڵناوی چۆنیەتییە (خراپ، چاك) كە دژواتای یەكترن، بەڵام بە دوو ڕێنووسی جیاواز نوسراون:

چاكبوونەتەوە

خراپی كردوە

بۆ زیاتر خستنەڕوی گرفتی ڕێنوسی وشەی لێكدراو و خستنەڕوی جیاوازیی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و نەبونی ڕێنوسێكی یەكگرتو، با لە نمونەیەكی كەناڵی NRT وردبینەوە:

فەرید ئەسەسەرد: ناكرێ سێ حیزب بەشداربن لە حكومەت كەچی ناكۆك بن لەگەڵ یەك

كەناڵی NRT، لە٢٠٢٠/٦/١٦

ئەو نمونەیەی لە سەرەوە خراوەتەڕو، ئەم سەرنجانەی لەبارەوە دەنوسین:

١_ كرداری لێكدراوی (ناكۆك بن)، بەسەریەكەوە دەنوسرێت، (ناكۆكبن) نەك بەو جۆرەی لە نمونەكەدا هاتوە، (ناكۆكن بن).

٢_ گرێی ئاوەڵكرادی (لەگەڵ یەك)، كە ئاخنراوەتە ناو كردارە لێكدراوەكەوە، پێشدەكەوێت.

لەگەڵ یەک ناکۆکبن

٣_بەشێک لە جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک، لە کرداری سەرەتای ڕستەکەدا (ناکرێ) کرتێنراوە، کە پێویستبو بنوسرێت (ناکرێت) واتە دەبو فۆنێمی (ت) بنوسرایە.

٤_ڕستەکە لە ڕوی یاساکانی ڕێزمان و ڕیزبونی کەرەستەوە، لە زمانی کوردیدا بەم جۆرە پەسەندە:

ناکرێت سێ حیزب لە حکومەت بەشداربن، کەچی لەگەڵ یەک ناکۆکبن.

## ٢_٣_٣: گرفتی خاڵبەندی:

نوسین، ئەو قسانەیە، کە لە بری بەوتن دەربڕدرێت، دەنوسرێتەوە، مرۆڤ چۆن لە کاتی قسەکردندا پێویستی بە دەربڕینی هەست و جوڵەی دەست و دەموچاو هەیە بۆ گەیاندنی باشتری پەیام و ڕودانی باشتری کردەی لە یەکترگەیشتن، بەو جۆرەش، لە کاتی نوسیندا بۆئەوەی واتاکانمان بە هەموو جوانی و هەستێکەوە دەربخەین، پێویستمان بەوە دەبێت، هەندێک نیشانە و هێما دابنێین بە دانانی ئەو هێمایانە دەوترێت (خاڵبەندی) (ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٠، ٤٠)

خاڵبەندی، دەکرێت بەسێ بەشەوە:

١_ بۆ (پێکبەستن) پێکەوەبەستن:

کۆمای خاڵدار

جوتە کۆما

تاکە تەقەڵ

٢_ بۆ لێکجیاکردنەوە

خاڵی ڕاوەستان

نیشانەی پرس

نیشانەی سەرسوڕمان

کۆمای جیاکردنەوە

٣_ بۆ خستنە نێوان

جوتە کۆما

جوتە تەقەڵ

تاکە کەوان

جوتە کەوانی سەرکوور

کۆمای ئاوەژو

بەڵام، بەپێی گرنگی و زۆر بەکارهێنانی تاکە کۆما_ بۆر، یان فاریزە، زۆرترین، بەکارهێنانی هەیە، کە بۆ جیاکردنەوەی دو وشە یان دوبەشی ڕستە لەیەکتری بەکاردێت، وەک:

٢٢ نیسانی، ١٨٩٨ یەکەم، ڕۆژنامەی کوردی دەرچو.

با، لە نمونەکانی میدیا کوردییەکان وردبینەوە، بزانین، ئاخۆ چەند پابەندی بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی بون، وەک بەشێکی گرنگی ڕێنوس و دروستنوسین.

پەرلەمانی کوردستان: پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنای بۆ دەستەی سەرۆکایەتی و ١٩٧، ئەندام و فەرمانبەر کراوە
تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤

دوای ژمارەکە ١٩٧ دەبو کۆما دابنرایە، ئەو (و) بەیەکبەستنەوەی دوای ژمارەکە زیادە و لە کۆتایی ڕستەکەشدا وەک تەواوبونی ڕستەیەکی هەواڵی دەبێت نیشانەی ڕستەی هەواڵی خاڵ دابنرێت، بەم جۆرە بە دروستی دەنوسرێت:

پەرلەمانی کوردستان: پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بۆ دەستەی سەرۆکایەتی و ١٩٧ئەندام و فەرمانبەر کراوە.

لە عێراق ٦٧ توشبووی دیکەی کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا
تەلەفزیۆنی ڕوداو

لەم نمونەی تەلەفزیۆنی ڕوداودا، پێوستبو دوای وشەی (توشبووی) کۆما_ فاریزە و لە کۆتایی ڕستەکەشدا وەک ڕستەیەکی هەواڵیٚ نیشانەی خاڵ هەبوایە، بەم جۆرە:

لە عێراق ٦٧ توشبووی دیکەی کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا.

با لە نمونەیەکی تریش وردبینەوە:

١٠٠ لیرەی تورکی بە ١٠ هەزار دینارە
تەلەفزیۆنی ڕوداو

وردبونەوە لەم نمونەیەش هەمان سەرنجەکانی پێشومان لا دروستدەکات، کە:

_ کۆتایی ڕستەکە، کە ڕستەیەکی هەواڵییە، دەبێت نیشانەی کۆتایی ڕستەکە خاڵ دابنرێت. بەم جۆرە:

١٠٠ لیرەی تورکی، بە ١٠ هەزار دینارە.

بە مریشکی مەژین لە کاتێکدا کە دەتوانن ببنە هەڵۆ.
تەلەفزیۆنی NRT

بەکارهێنانێکی تری کۆما، پێویستە لە پێش ئامرازی گەیەنەر وەک (کە، ئەگەر، تا....) و کۆتایی ڕستۆکە یان لاڕستە (Clause)، بەڵام لەو نمونەیەدا بەکارنەهاتوە، کە پێویستبو بەم جۆرە بێت:

بە مریشکی مەژین، لەکاتێکدا، کە دەتوانن ببنە هەڵۆ.

لە کۆتایشدا، وەک ڕستەیەکی ئاڵۆزی هەواڵی، دەبێت نیشانەی کۆتایی ڕستەکە خاڵ دابنرێت.

## ٢_٤: جوت ڕێنوسی

دیاردەیەکی بڵاوی میدیای بینراوی کوردی، دیاردەی جوت ڕێنوسییە، (ڕێنوسی باو _ ڕێنوسی لاتینی). ئەم دیاردەیە، سەرلێشێوان و نامۆیی، بە ڕێنوسی باوی بەکارهاتو، دروستدەکات.

بەکارهێنانی جوت ڕێنوسی، جگە لە کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر ڕێنوسی باو، کە مێژویەکی کۆنی هەیە و بەکارهێنانی لای هەموان ئاشکرایە و سامانێکی زۆری ئەدەبی، فەلسەفی، زانستی .. هتد، پێنوسراوە، ئەوەیە کە ڕێنوسی لاتینی، لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا کۆدەنگی لەسەر نییە و سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یەک جۆر ڕێنوسی لاتینی بەکارناهێنن.

کاریگەرییەکی خراپی تری بەکارهێنانی ڕێنوسی لاتینی، لەسەر منداڵان و نەوجەوانانە، کە زیاتر لە ڕێگەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانەوە دەنوسن،

دواکەوتنی فێربونی نوسینی ئاسایی و باوە، کە بەرێژەیەکی زۆر رێنوسی لاتینی بەکاردێنن.
بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جووت رێنوسی وەک لەسەرەوە خستمانەڕوو، کاریگەرینەرێنی بۆ سەر رێنوسی باو دەبێت، دەتوانرێت کاتێکی دیاریکراو بۆ رێنوسی لاتینی وەک پەروەردەیی و فێرکاری دیاریبکرێت، چونکە ئەمەش ئاشنایی و تێکەڵبونی نەتەوەیی زیاتر لەگەڵ باکور و ڕۆژئاوای نیشتمان دروستدەکات.

## ٢_٥: فەرهەنگ

فەرهەنگ یان وشەنامە، گەنجی وشەکانی زمانێکە، کە دەوڵەمەندی و هەژاری پەیوەستە بە سیاسەتی زمانی و پلانی زمانییەوە. حکومەت دەتوانێت بایەخ بە زمان و بوارەکانی تریش بدات، بە پێچەوانەشەوە.
فەرهەنگ، بەگشتی ژمارەیەک زانیاری، لەبارەی ئەو وشانەوە دەدات، کە تێیدا نوسراون، وەک واتای وشەکان (سیمانتیکی، پراگماتیکی)، پۆلی وشەکان، یاسای دروستبونییان. بڕوانە: فەتاح، ٢٠١١، ٣٦٩)، لە بارەی سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی و ڕاگەیاندن و پاراستنی زمانەوە، بڕوانە: کالفی، ٢٠١٢، ١٥٤) بۆنمونە:

ڕەق

دۆخی پێچەوانەی شل

ئاوەڵناوە

سادەیە

ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا بەپێی بەکارهێنانی، واتاکەی دەگۆڕێت لە واتایەکی ئاسایی بۆ واتایەکی تابۆ لە زمانی کوردیدا بۆ زیاتر ڕونکردنەوە، با لەم ڕێکلامە وردبینەوە، کە لە میدیا کوردییەکانەوە بۆ دۆشەکی تورکی دەکریت، بەم جۆرە:
پیاو: ژنەکە، بە ڕەق بۆت بێنمەوە، یان بە نەرمی؟
دیارە، مەبەستی قسەکەر لە دۆشەکە، ئایا جۆری ڕەق یان جۆری نەرم، بەڵام ئەم بەکارهێنانە، بەبێ بەکارهێنانی وشەی دۆشەک واتایەکی تابۆی بە ئاوەڵناوی ڕەق و نەرم داوە، کە بەپێی کۆمەڵگای کوردی لە ئاخاوتنی ژن و پیاودا، بەو جۆرە زەقە بەکارنایەت.
ئەم بەکارهێنانە لە میدیاوە، واتای نەرێنیی وشەکە لای وەرگر زاڵدەکات.
بۆ، ڕونکردنەوەی زیاتر و خستنەڕوی واتای نەرێنی، لە بەکارهێنانی کەرەستەی زمانی لە میدیای کوردیدا، با سەرنجی ئەم نمونەیەش بدەین:

پیاو: کەسێکمان، بۆ شایەتی پێویستە

ژن: من

پیاو: تۆ، مێچکەیت، دوانتان بەیەک نێرینە دەبێت.

بەشێک، لە درامایەک، لە کەناڵی زێد، لە ٢٠٢٠/٦/٣٠

کاتێک سەرنجی ئەم گفتوگۆیە لە نێوان ژن و پیاوەکەدا دەدەین، دەردەکەوێت وێنەیەکی وای کۆمەڵی کوردی پیشاندەدات، کە زۆر دواکەوتوە و پیاوسالارییە و پێگەی ژن زۆر لاوازە، هاوکات جۆرێک لە سوکایەتی بە ژن تێدایە، کە وشەی (مێچکە) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بۆ ئاژەڵ بەکاردێت، نەک بۆ مرۆڤ.
واتا خاوەنی سیمای واتایی (+ ئاژەڵ)، کە دەکاتە (-مرۆڤ)، بەڵام لێرەدا ئەو سیمایەی بەزاندوە و بۆ مرۆڤ بەکارهێنراوە.
کۆمەڵی کوردی ئەو وشەیەی بۆ مرۆڤ بەکارنەهێناوە و لە زمانی نوسین و ستانداردی کوردیدا هیچ کات بۆ ژنان بەکارنەهاتوە، بەڵکو بۆ


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئاژەڵ بەکاردێت.

بەم جۆرە، ئەم کەناڵە میدیاییە، کە تەلەفزیۆنە و خەڵک دەیبینێت، واتای نەرێنی و سوکایەتی بۆ ژنان بەرهەمدێنێت، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر کۆمەڵ دروستدەکات.

نەبونی میدیای نیشتمانی و فرەیی میدیای حیزبی لە هەرێمی کوردستاندا، کارێکی کردوە، زۆر وشەی فەرهەنگی زمانی کوردی، کە لە بنەڕەتدا، لە دۆخێکی بێلایەندان، کەچی واتای نەرێنی وەربگرن، بۆ نمونە وشەکانی قوتابی و خوێندکار، ژن و ئافرەت، ڕەنگەکانی زەرد، سەوز، نیلی ....، هەر یەکێک لەم وشانە، کە دانەی فەرهەنگی زمانی کوردین، بەڵام بەهۆی نەبونی میدیای نیشتمانی و کاریگەریی میدیای حیزبی، وشەکانی قوتابی، ئافرەت لە زیاتر و بەگشتی، لە شارەکانی هەولێر و دهۆک بەکاردێن و وشەکانی ژن، خوێندکار، لە میدیای ئەو حیزبانە بەکاردێت، کە پێگەیان زیاتر لە شاری سلێمانییە، بەگشتیش، لە میدیای حیزبی بەرانبەردا، بونەتە هەڵگری واتای نەرێنی و بەکارهێنانیان نیشانەی ناسینەوەی باوەڕی سیاسیی بەکارهێنەرە، کە لە هەندێ باردا، ئەم وشانە لە هەندێ ناوچەدا بەکارهێنانیان تابۆیە.

## ٢_٦: وشەسازی

وشەسازی (مۆرفۆلۆژی) لە تەک سینتاکس_ڕستەسازیدا، دو وەچە ئاستی ڕێزمانن، کە مامەلە لەگەڵ مۆرفێم و چۆنیەتیی چونەپاڵیەکی مۆرفێمەکان دەکات.

زمانی کوردیی، کۆمەڵێک یاسای تایبەتیی خۆی هەیە، کە لە ڕۆنانی وشەدا بەکاردێن و کەرەستەی نوێ بۆ زمان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان بەرهەمدێنن.

بۆ نمونە، لە زمانی کوردیدا یەکێک لەو یاسایانەی، کە بۆ ڕۆنانی وشەی نوێ بەکاردێت و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکات، بریتیە لە :

| | | |
|---|---|---|
| ناو + ڕەگی کار | کۆ + ڕەو | کۆڕەو |
| | ناو + بڕ | ناوبڕ |

بەڵام میدیای کوردی، بە هەردو جۆری (بینراو، بیستراو)، هەڵەیەکی باو پەیڕەودەکەن، کە بریتییە لە ڕۆنانی وشە لە ڕێگەی یاسایەکی شاز، کە لە زمانی کوردیدا پەیڕەوناکرێت و وشەی تری پێ ڕۆنانرێت، ئەویش یاسای:

| | |
|---|---|
| ناو + قەد | وشەی لێکدراو |
| گوێ + بیست | گوێبیست |

ئەم هەڵە باوە ڕۆژانە لە میدیای بینراو و بیستراوەوە بەکاردێت، کە لە ڕاستیدا هیچ وشەیەکی تر نادۆزیتەوە لە زمانی کوردیدا، بەو یاسایە دروستبوبێت، چونکە لە بنەڕەتەوە، یاساکە بەشێک نییە لە یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، ئەمە دوبارەکردنەوەی هەمان هەڵەی کۆڕی زانیاریی کوردە، کە وشەی (زانکۆ)ی پێ دروستکراوە، بریتییە لە یاسای:

| | |
|---|---|
| ڕەگی کار + ناو | وشەی لێکدراو |
| زان + کۆ | زانکۆ |

تەنیا ئەم وشەیە دەبینین لە زمانی کوردیدا بەو یاسایە دروستبوبێت، چونکە ئەم یاسایەش بەشێک نییە لە یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، هیچ وشەیەکی تر بەو یاسایە ڕۆنەنراوە.

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونەمان، سەیری وشەی (کۆڕەو)بکە، کە خەڵکی خۆیان وشەکەیان دروستکرد بەپێی ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی و لەخۆوە، بەڵام لەگەڵ یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیدا، کە لە مێشکی هەمو کوردی زمانێکدا هەیە دێتەوە، بۆیە لە زماندا دەڕوات و ناچێتە خانەی هەڵەی باوەوە، وەک وشەکانی (زانکۆ، گوێبیست ...)

وشەکانی (ئەنجامدان، سازدان، پێهەڵسان ....) بەشێکی ترن لەو نمونانەی، کە لەگەڵ یاساکانی زمانی کوردی و ڕاستیی ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا نایەنەوە و میدیای کوردی دایتاشیون و بە فراوانی ڕۆژانە بەکاریاندێنێت، وەک:

کۆبونەوەیەکیان سازدا.

ئەنجامدانی ریفراندۆم

هەستان بە کردنەوەی خولێک

## ٢-٧: ڕستەسازی

ئاستی ڕێزمان، بۆ دو وەچەئاستی وشەسازی و ڕستەسازی دابەشدەبێت، لە ٢-٦ دا، کاریگەریی نەبونی میدیای نیشتمانیمان لەسەر وشەسازی باسکرد، لێرەدا کاریگەری لەسەر ڕستەسازی دەخەینەڕو.

شێروان شەمێرانی: سەرجەم هێزە نێودەوڵەتییەکان هەرێمێکی بەهێزیان دەوێت لە چوارچیوەی عێراقدا

تەلەفزیۆنی NRT ٢٠٢٠/٧/١

ئەم نمونەیەی سەرەوە، کە بەراورد دەکەین بە یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی و ڕیزبونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شوێنی بەرکار و ئاوەڵکرداری شوێن ئاڵوگۆڕکراون، چونکە یاساکانی سینتاکسی کوردی (سەرەوڕیزبوونی وشە و فرێزەکان لە ڕێی پێدانی ڕۆڵی بابەتانە لە ئاستی قوڵ و بەخشینی دۆخی ڕێزمانی لە ئاستی ڕوکەشدا، بە جێکەوتەکانی ڕستە بەپێی ڕێسای SOV، ڕیزبوونی بکەر- بەرکار- کرداری ڕستەکان هاتۆتەئاراوە) (مەحوی، ٢٠١١، ٤) لە نمونەکەدا جگە لەوەی کە شوێنی کردار کۆتایی ڕستەیە، پێویستە بەم جۆرە بێت:

بکەر+ ئاوەڵکرداری شوێن + بەرکار + کردار

شێروان شەمێرانی: سەرجەم هێزە نیودەوڵەتییەکان، لە چوارچێوەی عێراقدا هەرێمێکی بەهێزیان دەوێت.

بۆ دەرخستنی زیاتری پەیڕەونەکردنی یاسا ڕیزمانییەکان و بەکارهێنانی ڕستەی ناپەسەندی ڕێزمانی، با لەم نمونەیەش وردبینەوە:

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٧/١٥ کابینەکانی چاڤی لاند دەکرێتەوە بە ڕووی گەشتیاراندا

تەلەفزیۆنی NRT لە ٢٠٢٠/٧/١٣

(بڕوانە: بەگیخانی، ١٩٩٦، ٣٧)

ئەم ڕستە هەواڵییە بکەرنادیارە، جگە لە پەیڕەونەکردنی خاڵبەندی، کە دەبوو، لە پێش (بە) کۆما هەبێت، لە ڕووی ڕێزمانیشەوە دوو هەڵەی زەق تێدایە:

١_ گرێی ناویی کابینەکانی چاڤی لاند، کە لە بنەڕەتدا بەرکار ولەم ڕستە نادیارەدا، ئەرکی جێگری بکەر دەبینێت، لەبەرئەوەی کۆیە، بەپێی یاسای ڕێککەوتن، لە نێوان بکەر و کار لەزمانی کوردیدا، پێویستە کارە نادیارەکە جێناوی کەسی سێیەمی (ن) لە بری (ێت) تاک وەربگرێت.

٢_ گرێی ئاوەڵکرداریی ئامانج بەڕووی گەشتیاراندا، بەپێی ڕیزبونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، دەبوو لە پێش کاری ڕستەکەوە بوایە و کاری ڕستەکە لە کۆتاییدا بوایە، چونکە ڕستەی زمانی کوردی، بە کردار کۆتایی دێت.

ڕستەکە لە ڕووی ڕیزمانییەوە، بەم جۆرە پەسەندترە:

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٧/١٥ کابینەکانی چاڤی لاند، بە ڕووی گەشتیاراندا دەکرێنەوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ٢_٨: زمانی ستاندارد

بەپێی تێڕوانینی زانایانی کۆزمانەوانی، کە ڕۆژانە بەکاریدێنن، زمان چەند جۆرێکی هەیە، کە یەکێکیان زمانی ستاندارد یان فەرمییە.

وەک هەر بابەتێکی تری زانستی، زمان و زانستە مرۆییەکان، بەگشتی پێناسەی جیاوازیان بۆ کراوە، بەم جۆرە:

جۆرێکی تایبەتی زمانە و بە کۆمەڵێک هەنگاوی فەرمیدا تێپەڕیوە و مۆرکی تایبەتی هیچ زارێکی زمانەکەی پێوە نییە ونمونەیەکی باڵای ئەدەبییە و لە بوارەکانی خوێندن و کارگێڕی و چاپەمەنی و ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت. (بڕوانە: بشر، ١٩٩٤، ١٨٤)

محمد معروف فتاح: ئەو شێوەیەیە، کە بە هەموو هەنگاوەکانی یەکگرتندا تێپەڕیوە و خاوەنی دەستور و فەرهەنگە و لە کارگێڕیدا بەکاردێت، بەڵام لەسەرتاپای ناوچەیەکی جوگرافیدا ڕەزامەندیی خەڵکی وەرنەگرتوە.

ئەم پێناسەیە، زیاتر، لە ڕوانگەی زمانی نوسین یان زمانێکی باڵاوە کراوە، وەک چۆن لە زمانی عەرەبیدا دەوترێت زمانی (فصحی_ عامی)

بەبڕوای کۆزمانەوانەکان، زمانی ستاندەرد لەکۆمەڵی پێشکەوتوودا سەرهەڵدەدات و بە چەند قۆناغێک دروستدەبێت، وەک قۆناغەکانی (هەڵبژاردن، تۆمارکردن، بوار فراوانکردن و جێبەجێکردن)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Hudson, ١٩٩٦, ٣٣)، هاوکات زمانی ستاندەرد، خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە:

١. زارێکی سەپاوە. ٢. دەسەڵات بۆ کارگێڕی بەکاریدێنیت. ٣. لە میدیا و قوتابخانە و زانکۆ بەکاردێت. ٤. تاکە زمانە، کە پێی دەنوسرێت. ٥. تاڕادەیەک نەگۆڕە. ٦. لە زارەکانی تر زیاتر بەرهەڵستیی گۆڕان دەکات ٧. بۆ بەراورد لەگەڵ زارەکانی تردا، وەک پێوەر بەکاردێت.
٨. لە ڕوی زمانەوە، تەنیا زارێکە وەک زارەکانی تر، بەڵام لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە، بە بەرزتر دادەنرێت و ناوبانگی هەیە. ٩. بە سومبلی نەتەوەیەک دادەنرێت.

ئەم تایبەتییانە و چەند تایبەتییەکی تریش، لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا هەن، بۆیە لە ڕوی زانستی و زمانەوانییەوە شیاوی ئەوەیە ببێتە زمانی یەکگرتو، لەمەشدا میدیا بە هەردو باری ئەرێنی و نەرێنیدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، کە ئێمە لەم بەشەدا باسیدەکەین.

زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتوو

محەمەد مەعروف فتاح، جیاوازی لە نیوان زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتودا دەکات، بەوەی زمانی یەکگرتوو، قۆناغی پێشکەوتوی ستانداردە، بەم جۆرە:

زمانی یەکگرتوو، ئەو زمانەیە، کە بە هاوردەکردن یان تێکەڵکردنی چەند زارێک یان بە سەپاندنی زمانێکی ستاندارد، لە ناوچەیەکی جوگرافیدا بە دەستتێوەردان یان بە نەخشەدانان بۆ زمان دێتەکایەوە.

واتە لە ئێستادا، زمانی کوردی دوو ستانداردی هەیە، کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژوروو، ئەوەی نییەتی زمانی یەکگرتوە، کە لە تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا، ڕەزامەندی وەرگرتبێت و بەکاربێت.

ستاندەردی کرمانجی ناوەڕاست، بەهۆی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسمانکردن، تا ڕادەیەکی زۆر چووەتە قۆناغی زمانی یەکگرتووەوە، بۆیە ئەرکی میدیایە ئەمە بچەسپێنێت، نەک هەڵیوەشێنێتەوە و ئاستەنگی بۆ دروستبکات.

هەر چۆن سەیربکەین، زمانی یەکگرتوو یان فەرمی، زمانێکی باڵایە وخاوەنی چەند تایبەتییەکە، تا زو بڵاوبێتەوە و خەڵکی هەوڵبدەن زو فێریبن، بەمجۆرە:

١. لە ڕوی دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازییەوە، بۆ فێربون ئاسانبێت.

٢. ڕێگە بە دروستبونی ( شاز ) لە شێوەکەیدا نەدات.

٣. هێندە دەوڵەمەندبێت لە واژەدا، کە بتوانرێت هەموو زانستەکانی پێبنوسرێتەوە، وەک بیرکاری، ئەندازیاری، لۆجیک، ئەدەب، فەلسەفە،

پزیشکی، بازرگانی و کارگێری و ......

٤. ئەو سیمایانە بەکاربێنێت، کە جیهانیین، واتە لە زمانە سروشتییەکانی جیهاندا هەن، نەک ئەو سیمایانەی تایبەتیین.

٥. تا ڕادەیەکی زۆر بێلایەن بێت و هەمو بە زمانی دایکی خۆیانی بزانن.

٦. هەموو زارە کوردییەکان بەبێ جیاوازی لە دروستکردنیدا، شوێن پەنجەیەکی دیاریان هەبێت.

وردبونەوە لەو تایەبەتییانە و بەراوردکردنیان بە ستانداردی کرمانجی ناوەڕاست_ شێوەزاری سۆرانی، ئەوا بەگشتی ئەو تایبەتییانەی تێدایە.

هەرچەندە، لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و دروستبونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ناوچەی دهۆک زاری کرمانجی ژوروو وەک ستاندارد بەکاردێت و بوەتە زمانی خوێندن و میدیا و کارگێری، بە بۆچونی ئێمە ململانێی سیاسی، ئەو دۆخەی دروستکردوە، هەرچەندە لە ڕوانگەی مافی مرۆڤ و دیموکراسیشەوە، منداڵ مافی خۆیەتی لانی کەم سێ ساڵی سەرەتای خوێندنی بە زمانی دایک بێت، بەڵام کرمانجی ناوەڕاست جیا لەو تایەبەتییانەی سەرەوە، لە باشوری کوردستان یان هەرێمی کوردستاندا خاوەنی ئەم تایەبەتییانەشە:

١. سەدەیەکە ڕێنوس و ڕێزمانی هەیە و بەردەوام خزمەتدەکرێت و لە هەموو بوارەکاندا، کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەی پێدەردەچێت. (بڕوانە: مەحوی، ٢٠١٦، ٩٦)

٢. دەیان و سەدان لێکۆڵینەوەی زمانی، بە زارەکە خۆی یان زمانی بێگانە لە بارەیەوە کراوە.

٣. لە بواری پەروەردە و خوێندندا، هەنگاوی گەورەی ناوە، لە ساڵەکانی ١٩٢٠ بەدواوە، لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری، زمانی خوێندن بوە، ساڵانی ١٩٧٥ وەک زمانی خوێندن لە هەموو ناوچەکانی هەرێمدا بەکارهاتوە، لە دوای ١٩٧٥ یش، لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکانی پارێزگای هەولێر و سلێمانی زمانی پەروەردە و فێرکردن بووە و هەوڵی سەرکەوتوانەش دراوە بۆ ئەوەی وەک زمانی زانست لە زانکۆی سلێمانی (١٩٦٨_١٩٧٢) و زانکۆی سەلاحەدین، بەکاربهێنرێت.

دیسان لە دوای ڕاپەڕینیشەوە تا ئەم دواییە، بەردەوام وەک زمانی خوێندن بەکارهاتوە، هیچ زارێکی تر ئەم دەرفەتەی، بۆ نەڕەخساوە.

٤. لە سەدەی بیستەمدا، زمانی شۆڕش و ڕامیاری کوردبوە، بەیاننامەی دامەزراندنی هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستانی پێنوسراوە، زمانی هەرە زۆری چاپەمەنی، گۆڤار، ڕۆژنامە و بڵاوکراوە سیاسییەکان بوە، کە بە ئاشکرا یان نهێنی دەرچون، زمانی نزیکبونەوە بوە لە جەماوەر.

٥. ڕەمزی بەرخۆدان و بەرهەڵستی بەرەنگاربوونەوەی هەموو حکومەتە ناوەندییە یەک بە دوای یەکەکانی عێراق بووە، هەرگیز خۆی بەدەستەوە نەداوە، هەموو ئەو هەوڵانەی پوچەڵکردووەتەوە، کە ئەم حکومەتانە بۆ تێکدان و قەدەغەکردن و ڕوبەڕووبونەوەی داویانە، زمانەکە خۆی لە هەوڵەکانی تواندنەوە پاراستوە، لە هەر لایەکەوە هاتبێت.

٦. تا ڕادەیەکی زۆر لە سەرخۆ گەشەیکردوە، خۆی لە زمانە بەهێزەکانی دەوروبەری جیا کردووەتەوە، ئەگەر وشەیەکی زۆریشی لێوەرگرتبن، نە فۆنەتیکی زارەکە و نە ڕێزمانەکەی نەکەوتووەتە ژێر کاریگەریی زمانی فارسی یان عەرەبی یان تورکییەوە.

٧. زمانی زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانە و لە ناوچەکەدا بەگشتی زمانی لە یەکتر گەیشتنە، واتە زارەکانی تر، زیاتر لەم زارە دەگەن و بەکاریدێنن، وەک لە زارەکانی تر.

هەرچەندە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا، بە فەرمی زاری کرمانجی ناوەڕاست وەک زمانی یەکگرتوو لە تەواوی ناوچەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، نەناسێنراوە، کە بە بۆچوونی ئێمە پەیوەندی بە ململانێی سیاسییەوە هەیە و بنەمایەکی زانستی نییە، بەڵام ئەم تایەبەتییانەی زارەکە، دەیکەنە زمانی یەکگرتوو، لە ڕاستیشدا، بەشی هەرە زۆری کەناڵە میدیاییەکان، زمانی سەرەکییان ئەم زارەیە.

لە ڕوی یاساییشەوە، ڕۆژنامەی وەقایعی فەرمی، بەهەر زمانێک دەرچوو، ئەو زمانە یەکگرتوو، یان فەرمییە، لەو وڵاتە یان هەرێمە. لە هەرێمی کوردستانیش وەقایعی فەرمی بەزاری کرمانجی ناوەڕاست دەردەچێت، زمانی کارگێری و نامەی فەرمیی سەرۆکایەتیی هەرێم و یاسادانان و زمانی کارگێڕیی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانیش زاری کرمانجی ناوەڕاستە، هاوکات، لەسەر پاسپۆرتیش هەر بەم زارە نوسراوە. (ڤینوگرادووڤ، ١٩٩١، ٨٩)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەم ڕاستییانە و ئەو تایبەتییانەش، کە لەسەرەوە خستمانەڕوو، نەک لەبەرئەوەی جیاوازیی زمانی لەگەڵ زارەکانی تردا هەبێت، ئەو ناوبانگ و مێژووە پڕ سەوەرییەی پێدەدەن، کە زمانەوانەکان، بە مەرجی سەرەکی و سیمای تایبەتیی زمانی ستاندارد یان یەکگرتوو یان فەرمی دادەنێن. لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەسەڵاتی سیاسیی، لە هەرێمی کوردستاندا بە فەرمی زارەکەی بە ستاندارد یان زمانی فەرمی دانەناوە، بەڵام ئەو پێگەیەی وەرگرتوە، بۆیە ئەرکی میدیاکانە، کە کار لەسەر بەرەوپێشبردنی ئەم ستانداردە و نزیککردنەوەی لە زارەکانی تر، بەتایبەتی کرمانجی ژوروو بکەن، نەک بە پێچەوانەوە، بەهۆی نەبونی میدیای نیشتمانییەوە، کاریگەریی نەرێنی و دورکەوتنەوەی زیاتر دروستبکەن، کە بەگشتی ئەمەیان کردوە.

واتە، لەبری ئەوەی بە نەخشە و پلان زمانی ستانداردی کرمانجی ناوەڕاست گەشەپێبدەن و بە واژەی زارەکانی تر موتوربەی بکەن، لە زۆر بار و ئاستدا بەبێ نەخشە و پلان و بە هەڕەمەکی دورکەوتنەوەی زیاتر لە نێوان کرمانجی ناوەراست و کرمانجی ژورودا دروستدەکەن، سەرئەنجام بە زیانی ستانداردەکە کۆتایی دێت.

لێرەدا، بە کورتی ئەو خاڵانانە دەخەینەڕوو، کە کاریگەریی نەرێنی، لەسەر ستانداردی کرمانجی ناوەراست دادەنێن و ڕێگردەبن، لەوەی زارەکە بە قۆناغی زمانی یەکگرتوو بگات، کە هەرێمی کوردستان نییەتی و لە قۆناغی دروستبوندایە:

١. لادان، لە یاسا و رێساکانی زمان لە هەموو ئاستەکاندا، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، وشەسازی، ڕستەسازی ...، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ستانداردی کرمانجی ناوەڕاست دەبێت.

٢. جوت ڕێنوس و جوت زار بەکارهێنان، کاریگەریی نەرێنی و دورکەوتنەوەی زیاتر دروستدەکات.

٣. نەبونی نەخشە و پلان و شارەزای زمانەوانی و هەڕەمەکی لە مامەڵەکردن لەتەک زمان، لە زۆربەی میدیاکاندا هەیە و کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر زمانی ستاندارد دروستکردوە.

## ئەنجام

توێژینەوەکە، بەم ئەنجامانەی گەیاندین:

نەبونی میدیای نیشتمانی، کاری لە ئاستە جیاوازەکانی زمان کردوە، بەم جۆرە:

١. ڕێنوسی جیاواز و جوت ڕێنوسی، کە سەرلێشێوان و پەرتەوازەیی ئەم ڕێنوسەی ئێستا بەرهەمدێنێت و سەرەتاکەی دەرکەوتووە.

٢. داتاشینی وشە بە ئارەزوی کەناڵ و دەزگای ڕاگەیاندن، لە هەندێک باردا بەبێ ئەوەی لەگەڵ یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیدا بێتەوە و یاساکان پەیڕەونەکراون.

٣. تێکدانی یاساکانی ڕستەسازی و ڕیزبوونی کەرەستە زمانییەکان لە ڕستەی کوردیدا، کە پەیرەوی یاسای ڕیزبوونی کەرەستە زمانییەکان و یاسای ڕستەسازیی کوردی ناکرێت.

٤. بەرهەمهێنانی هەندێ واتای ناباو، کە لەگەڵ کەناڵی میدیایدا ناگونجێن.

٥. لەگەڵ ئەوەی لە هەندێ باردا دیالێکتەکان لە یەکتری نزیکدەکاتەوە، بەڵام بەهۆی نەبونی پلان و زاڵبونی ئارەزو و تێگەیشتنی کەناڵەکە بەگشتی، درزی نێوان دیالێکتەکان زیاتر دەبێت، کە دروستبونی زمانی یەکگرتوو _ ستاندارد هێندەی تر دوردەخاتەوە و کۆسپی زیاتری، بۆ دروستدەکات.

## پێشنیاز

یەکەم_ هەرێمی کوردستان پێویستی بە دامەزراندنی میدیایەکی نیشتمانییە، کە ئەرکی دروستکردنی هاوئاهەنگی نێوان دیالێکت و کلتوری ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بێت.

دووەم_ حکومەت سیاسەتی زمانی هەبێت، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئەکادیمیای کوردی، چاودێریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەن، کە چۆن جێبەجێیدەکەن.

سێیەم_ پەیڕەوکردنی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنوسی یەکگرتووی کوردی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٠٨ بەسەر سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە فەرمییەکاندا، کە پەیڕەویبکەن، لەبەرئەوەی حکومەت بەسەر دامەزراوە فەرمییەکانی خوێدا گشتاندویەتی و تا ئەندازەیەک ڕێککەوتنی لەسەرە.

## سەرچاوەکان


١. ئەکادیمیای کوردی (٢٠١٠) کۆنفرانسی بەرەو ڕێنوسی یەکگرتووی کوردی، هەولێر.

٢. بشر، ک. (١٩٩٤)، علم اللغة الاجتماعي، مدخل، قاهرة.

٣. بەگیخانی، ئ. ح (١٩٩٦) ڕیزبوونی کەرەسەتە، لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

٤. جراد، چ. ئ. (٢٠١٣) زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، نامەی ماستەر: زانکۆی سلێمانی.

٥. حسێن، ئ. ئ. (٢٠٠١) ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فریزی کاریدا، نامەی ماستەر، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.

٦. حسێن، ئ. ئ. (٢٠٠١) ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

٧. خورشید، غ. ع. (٢٠١١) زمانی فەرمی بۆ کوردستان. سلێمانی.

٨. ڕەسوڵ، هـ. & عەلی, ک. (٢٠١٩) ڕاگەیاندنی نیشتمانی و بایەخی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی، سلێمانی.

٩. سەعید، م. ل. (٢٠١٥) فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسێمبوون، نامەی ماستەر: زانکۆی سلیمانی.

١٠. فتاح، م. م. (٢٠٠٨) بابەتەکانی زمانی ستاندارد، هەولێر: بڵاونەکراوە.

١١. فەتاح، م.م. (٢٠١١) زمانەوانی، هەولێر.

١٢. ڤینوگرادووڤ، ڤ. ڤ. (١٩٩١) مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبوونی و گەشەسەندنی، وەرگێڕانی عەزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بغداد.

١٣. کالفی، ل. ج. (٢٠١٢) شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، وەرگێڕانی بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی خانی، هەولێر.

١٤. مارف، ئ. ح. (١٩٨٦) نووسینی کوردی بە ئەلفوبێ عەرەبی.

١٥. مەحوی، م. (٢٠١١) بنەماکانی سینتاکسی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

١٦. مەحوی، م. (٢٠١٦) مەنامە بە ستانداردکردنی زمانی کوردیی دروستنوسیین، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

17. Luginbüh, M. (2015). What is Media Linguistics? Living linguistics.

18. Hudson, R.A. (1996) Sociolinguistics, second edition, Cambridge University press.

19. Tunstall, J., 2010. The BBC and UK public service broadcasting. In Reinventing Public Service Communication. Palgrave Macmillan, London.


ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییانەی، کەرەستەو داتای توێژینەوەکەیان لێوەرگیراوە، ئەمانەن:

تەلەفزیۆنەکانی (NRT، کوردسات نیوز، کوردستان ٢٤، کوردسات، ڕوداو، کەناڵی زێد)

ئەو ڕۆژنامانەی، کەرەستەو داتای توێژینەوەکەیان لێوەرگیراوە، ئەمانەن:

ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ، ژمارە (٨١٢٨)، خەبات، ژمارە (٥٩٥٠))


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360